# نێچیرڤان بارزانی و گەڕانەوە بۆ ڕۆحی دەستوور

**پێنووس**

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە بەغدا بەشداریی لە ڕێوڕەسمی یادی بیست و یەك ساڵەی شەهیدکردنی "ئایەتوڵلا محەمەد باقر ئەلحەکیم"دا کرد، کە بە ئامادەبوونی سەرۆککۆمار، سەرۆکوەزیران، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق و، ژمارەیەکی بەرچاوی سەرکردە سیاسییەکانی عێراق و دیپلۆماتکاران و میوانان بەڕێوە چوو. نێچیرڤان بارزانی وەکوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەم **دەرفەتەی** قۆستەوە؛ بۆیە لەو ساڵیادەدا گوتی: **"باشترین وەفاداری بۆ یاد و ڕۆحی شەهیدان، دابینکردنی دواڕۆژێکی گەشە بۆ نەوەی ئێستا و داهاتوو."** ئەمەیش وەکوو ئاماژەیەک بۆ ئەزموونی خەباتی هاوبەشی ڕابردوو و کاری پێکەوەیی لە نێوان کورد و عەرەب و لایەنەکانی دیکە، لە دژی ستەم و زۆرداری.

لە لایەکی تریشەوە، نێچیرڤان بارزانی پەیامێکی دیکەی خستە ڕوو و داوای "**دوورکەوتنەوەی هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان، لە گواستنەوەی ڕکابەری و ناکۆکیی سیاسیی نێوانیان، بۆ ناو کۆمەڵگە و نەتەوە و پێکهاتەکانی تری عێراق**"ی کرد؛ ئەمەیش دەکرێت بە بەشێکی گرنگ لە ناوەڕۆکی دۆکترینی سیاسیی نێچیرڤان بارزانی وێنا بکرێت، کە هەم کاری بۆ هاتنەدیی کردووە و هەمیش پێی وایە کە ئەگەر جێبەجێ نەکرێت، ئەوە وێرانکاری و جەنگ و ناکۆکییەکان هەر بەردەوام دەبێت و، ئەو کاتە ڕکابەرایەتیی سیاسی دەبێتە ململانێ و پێکدادانی نەتەوەیی و مەزهەبی و ئایینی؛ وەک چۆن ئەم کێشەیە لە ناوچەکە بۆتە هۆکاریماڵوێرانی و وەپاشکەوتنی دەوڵەت و کۆمەڵگەکان و زەمینەیەکی گونجاوی بۆ توندڕەوی و گرووپە تیرۆریستییەکان ڕەخساندووە و، بۆتە هەڕەشەیش بۆ ئاسایشی هەموو جیهان. جگە لەوەیش پەیامێکە بۆ دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق کە زۆرینەبوونی پێکهاتەیەک (شیعە) لە دژی پێکهاتەکانی دیکە بەکار نەهێنرێت؛ وەکوو لە ماوەی ڕابردوو ئاماژەکانی دەرکەوتووە.

هەروەها ڕای گەیاند: "**ڕۆحی دەستوور بریتییە لە دروستکردنی دیموکراسی، دادپەروەری و دابەشکردنی دەسەڵات و سیستەمی فیدراڵی"** و، **"داوا دەکەم هەموومان پێکەوە پابەندی دەستوور بین."** ئەم ڕستانەیش دەری دەخات کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەبیر سەکردە سیاسییەکانی عێراقی هێنایەوە، کە تاکە ڕێگە گەڕانەوەیە بۆ دەستوور و، پابەندبوون بەم دەستوورە دەتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات و بەم دەربڕینە ڕەخنەی لە سیاسەتی ئێستای دەسەڵاتدارانی بەغدا گرت، کە هەنگاو بە هەنگاو لە ڕۆحی دەستووری نوێی عێراق، کە فیدراڵی و دابەشکردنی دەسەڵات و دیموکراسی و دادپەروەرییە دوور دەکەونەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان پێشێلی ئەو بنەمایانە دەکەن، کە عێراقی نوێی لەسەر دامەزراوە. جێگەی ئاماژەیە کە لووتکەی قسەکانیشی ئەو بەشە بوو کە وتی: **"نابێ ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستان تێکەڵ بە کێشە سیاسییەکان بکرێت."** ئەم ڕستەیەیش لایەنە سیاسییەکانی عێراقی خستۆتە بەردەم بەرپرسیارێتی، چونکە بەڕوونی ئاماژەی بەوە داوە کە ئەم کێشەیە بەسیاسی کراوە و بەغداش بەرپرسە لە چارەسەرکردنی و، لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەکەی ڕوون بوو. بۆیە سەبارەت بە پرسی مووچەیش قسەکانی ڕووی لە بەرپرسە باڵاکانی عێراق بوو، کاتێک گوتی: **"ئێستا لەبەر نەبوونی بوودجە و**

**مووچه له هەرێمی کوردستان، فەرمانبەران و خەڵک له دۆخێکی زۆر خراپدا دەژین و ئەوە کاریگەرییەکی خراپی کردووەته سەر هەموو کەرتەکان له هەرێمی کوردستان. زۆر پێویسته ئەو کێشه گەورەیه بەزوویی چارەسەر بکرێت؛ ئەوەیش بەرپرسیارێتیی هەموومانه، چونکه هەرێمی کوردستان و فەرمانبەرەکانی بەشێکن له عێراق."**

له لایەکی تریشەوە پرسەکانی ئاسایشی و هەڕەشه سەربازییەکان له هەرێمی کوردستان وای کرد که سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڵێت: "**هێرشه درۆنییەکان و بەئامانجگرتنی پێشمەرگه زیان به سەقامگیریی عێراق دەگەیەنێت**"؛ ئەمەیش دووباره لایەنه سیاسی و پەیوەندیدارەکانی عێراق دەخاته بەردەم بەرپرسیارێتییەکی گەورەوە، بەو پێیەی که ئەگەر هەرێمی کوردستان بەشێک بێت له عێراق و هێزی پێشمەرگەیش هێزێکی دەستووری و دانپێدانراوی فەرمی بێت، ئەوە ئەم هێرشانه وەکوو هێرش بۆ سەروەری و هێزەکانی عێراق هەژمار دەکرێت. هەر بۆیه له داهاتوودا هەر لایەنێک هێرش بکاته سەر هەرێمی کوردستان، ئەوە بەرپرسیارێتییەکەی زیاتر و مەترسیدارتر دەبێت. بۆیه دوو تەوەری "**ئابووری، هەروەها سیاسی- ئاسایشی**" کرۆکی قسەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوون لەم ڕێوڕەسمەدا، که کێشەی گەورەن له نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان.



تەوەرێکی تری گوتارەکەی نێچیرڤان بارزانی، بریتی بوو له گەیاندنی پەیامێک بۆ نوخبەی ئێستای حوکمڕانی شیعەکان که له دوای ٢٠٠٣ کورد ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبوو له دروستکردنەوەی ئەو عێراقەی ئێستا؛ بەڵام نوخبەی سیاسیی ئێستا وەک نوخبەی پێشوو هاوکاری یەکتر نین. سەرۆکی هەرێم زۆر بەڕوونی ئاسایش و سەقامگیریی سیاسی، ئەمنی و ئابووریی له هەرێمی کوردستان، بەستەوە به عێراق.

هەر لەم چوارچێوەیەیشدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان چەندان دیدار و کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنه حکوومی و حزبییەکانی عێراق، به هەردوو لایەنی شیعی و سوننه، ئەنجام دا که به بەرفراوانترین دیدار و کۆبوونەوەی فەرمی دادەنرێن و دەرخەری ئیرادەی جدیی سەرۆکی هەرێمی کوردستانه به نوێنەرایەتیی

گەلی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان . تەنانەت دیداری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا و گرووپەکانی نزیک لە ئێران، ئەو ئاماژە و پەیامەی هەڵگرتبوو کە هەرێمی کوردستان بەشێک نییە کە ململانێی ناوخۆیی و ناوچەییەکان و، لەگەڵ هەردوو بەرە و لایەندا هەوڵ دەدات کە پەیوەندییەکی بەهێز و پتەوی هەبێت. جگە لەمانەیش، ئەو گفتوگۆ و دیدارانە دەری دەخات کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان نایەوێت هەرێم بچێتە ناو جەمسەربەندییەکانەوە، بەڵکوو دەیەوێت بە دیپلۆماسی لەگەڵ ئەکتەرە کاریگەرەکانی عێراق لە ڕووی سیاسی و ئاسایشییەوە پەیوەندییەکی ئاسایی و یاسایی هەبێت.

هەروەها کێشە و "پرسی دەرکردنی هێزەکانی هاوپەیمانان"ی لە عێراق خستە ڕوو و باسی لەوە کرد کە هێزەکانی هاوپەیمانان لەسەر داوای عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش هاتوون. پێویستە دەرفەت بدرێتە حکوومەتی فیدراڵی و بەڕێز سەرۆکوەزیران سوودانی، بەپێی پلانێکی هاوبەش و لە زەمینەیەکی ئارام و بێکێشەدا گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات، بۆ ڕێککەوتن لەسەر داهاتووی هاریکاریی نێوان هێزەکانی هاوپەیمانان و عێراق. بەم پێیەیش، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەوردی باسی گفتوگۆی بۆ درێژەدانی هاوکاریی نێوان هێزە عێراقییەکان و هاوپەیمانان کرد؛ کە ئەمەیش پەیامێک بوو بۆ هێزە توندڕەوەکان و، هەروەها ئەمریکییەکانیش. سەبارەت بە ئاسایشی هەرێمی کوردستانیش دووبارە سەرۆکوەزیرانی خستە بەرامبەر ئەو گرووپە میلیشیایانەی، کە هێرش دەکەنە سەر پێشمەرگە و نێردە دیپلۆماسییەکان و وتی: "پێشێلکردنی دەسەڵاتی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق بە هێرش بۆ سەر نێردە دیپلۆماسییەکان و هێزەکانی هاوپەیمانان و پێشمەرگە، کاری حکوومەت تێک دەدات و ئاڵۆزییەکی زۆر و هەمەلایەنە لە عێراق دروست دەکات." ئەوەی کە جێگەی سەرنجە، نێچیرڤان بارزانی هێزی پێشمەرگەی، هاوشان و هاوتای نێردە دیپلۆماسییەکان و هێزەکانی هاوپەیمانان بەرز کردەوە و لە هەمان کاتیشدا ئەم هێرشانەی وەکوو هەڕەشە لە هەموو عێراق وێنا کرد و بەستییەوە بە سەرهەڵدانەوەی داعش. ئەمەیش وەکوو پەیامێک بۆ ئەمریکا و ڕۆژاواییەکان کە ئەگەر هێرش دەکرێتە سەر پێشمەرگە، بۆ ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان لە پاڵ ئێوە وەستاوە. بۆیە وتی: ئەو هێرشانە زیانێکی زۆریان بە ئاسایش و ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان گەیاندووە، بووەتە هۆی ئەوەی دڵەڕاوکێ بە هەموو بازاڕی عێراقدا بڵاو ببێتەوە و، هەروەها دەرفەتی داوەتە تیرۆریستانی داعش کە هێرشەکانیان زۆرتر بکەن.

هەنگاوە دیپلۆماسییەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، دەکرێت بەرچاوڕوونییەکی زیاترمان بداتێ لەسەر شێوازی کارکردن لەگەڵ نوخبەی حوکمڕان لەبەغدا، کە دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکرێتەوە:

**یەکەم/** وەک دەزانین عێراق دەوڵەتێکی دامەزراوەیی و دەستووریی تۆکمە نییە تاکوو کێشەکانی هەرێم و بەغدا لە ڕێگەی دامەزراوە سیاسی و یاساییەکان چارەسەر بکرێن، بەڵکوو کەسایەتییە سیاسییەکان کاراکتەری سەرەکیی پرۆسەی دروستکردنی بڕیارن و هێزیان لە هێزی دامەزراوەکان گرنگترە. نێچیرڤان بارزانی لەسەر ئەم تەوەرە کاری کرد و هەموو کاراکتەرە سەرەکییەکانی پرۆسەی سیاسیی لە عێراق کردە ئامانج و، داوای لێ کردن کە هاوکار بن لە کۆتاییهێنان بە کێشەکانی هەرێم و بەغدا، بەتایبەت لە هەمواری یاسای بوودجە، کە بڕبڕەی پشتی ئاسایشی ئابووری و سیاسیی هەرێمی کوردستانە. بۆیە دەکرێت بڵێین، کە ئابووری بڕبڕەی پشتی سیاسەتە.

**دووەم/** سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی پێمان دەڵێت کە کۆمەڵێک کێشەی هەرێم و بەغدا، دەکرێت لە ڕێگەی دیپلۆماسییەت و پەیوەندیی کەسیی تایبەت لەگەڵ نوخبەی سیاسیی حوکمڕان لە بەغدا چارەسەر بکرێن. بەتایبەت کە ئێمە وەک کورد، دەبێت کەلتووری سیاسیی نوخبەی حوکمڕان لە بەغدا بناسین؛ هەروەها مەراسیمە تایبەتەکان دەوریان لە کردنەوەی دەرگە بەڕووی گفتوگۆ و چارەسەرکردنی هەندێک لە کێشەکاندا هەیە.

**سێیەم/** دیپلۆماسییەتی سەرۆکی هەرێم، پێمان دەڵێ کە هەمیشە دەرگەیەک هەیە بۆ پەیوەندی لەگەڵ بەغدا، بەو مەرجەی لە عەقڵییەتی نوخبەی سیاسیی حوکمڕان لە بەغدا تێ بگات. دۆزینەوەی میکانزمێک بۆ کارکردن لەگەڵ بەغدا، بەتایبەت لەگەڵ ئەو فرەجەمسەرییەی لە بەغدا هەیە، زێدە گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان.

ئەوەی کە جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق کۆبوونەوەی ئەنجام داوە و، ئەمەیش وەکوو ئامادەکارییەک دەبینرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەروەها هەموارکردنەوەی یاسای بوودجە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی مووچەی فەرمانبەران و بوودجەی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق. هەر بۆیە لە وتارەکەیدا نێچیرڤان بارزانی داوای لە گشت سەرکردە و لایەنە سیاسییەکان، فراکسیۆنەکان و هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرد، پشتیوان بن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بوودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان. تەنانەت کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق، کە دەوترێت دەسەڵاتێکی باڵای هەیە لە هاوکێشە یاسایی و تەنانەت سیاسییەکانی عێراق، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ ئەم مەبەستە. لەبەر گرنگیی دۆخەکە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ماوەی دوو ڕۆژدا توانیی نزیکەی بیست دیدار و کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان و حوکمڕانانی عێراق هەبێت.*

لە کۆتاییدا خاڵێکی سەرنجڕاکێش کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت و دەربڕی کەسایەتیی نێچیرڤان بارزانییە، لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیدا دەسکەوتەکانی بەتەنیا نەگەڕاندەوە بۆ پێگە و هەوڵەکانی خۆی، بەڵکوو دوو جار دووپاتی کردەوە کە ئەوە بەرهەمی هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەوڵی ئەو شاندانەی حکوومەتە کە پێشتر بەجددی کاریان لەسەر ئەم بابەتە کردووە.

شک لەوەیشدا نییە کە دەرفەتەکان هەمیشە بەشێکن لە سیاسەت و بە گوێرەی دەرفەت و سروشتەکەی، هەروەها ناسین و شارەزایی لە کات و بۆنەکاندا و، "گرینگیدان بە ئەولەوییەتەکان"، هەوڵەکان بەگەڕ دەکەون؛ پەیام دەنێردرێت و قسەی جددیی تێدا دەکرێت!

**تێبینی:**

* سەرجەم کۆبوونەوەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بریتی بوون لە:

سەرۆکوەزیرانی عێراق، محەمەد شیاع ئەلسوودانی (دوو جار)، هەروەها محەمەد حەلبووسی، سەرۆکی پێشووری پەرلەمانی عێراق و حزبی تەقەدوم و فایەق زێدان، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق و شێخ قەیس خەزعەلی، سەرۆکی عەسائیبی ئەهلی هەق و نووری ئەلمالیکی، سەرۆکی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا و خاتوو ئالینا ڕۆمانۆوسکی، باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق و فالح فەییاز، سەرۆکی دەستەی حەشدی

شەعبی و د. عەبدوللەتیف ڕەشید، سەرۆککۆماری عێراقی فیدراڵی و حەیدەر ئەلعەبادی، سەرۆکی هاوپەیمانیی نەسر و محسن مەندەلاوی، جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و هادی ئەلعامری، سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر و سەید عەمار ئەلحەکیم، سەرۆکی ڕەوتی نیشتمانیی حیکمە و، سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراقی فیدراڵی د. عادل عەبدولمەهدی و عەبدولسادە ئەلفرێجی، ئەمینداری هاوپەیمانیی نەهجی عێراقی و هومام حەمموودی، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق و موسەننا ئەلسامەڕائی، سەرۆکی هاوپەیمانیی ئەلعەزم و شێخ جەمال ئەلزاری، ئەمینداری گشتیی پڕۆژەی نیشتمانیی عێراقی.